https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.19

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# میکانزمی پرسیارکردن وەک ئامرازێکی چاودێریی پەڕلەمانی لەسەر دەسەڵاتی حکومەت

## هەرێمی کوردستان- عێراق بە نموونە

صبری نوری ملا
و. خوێندنی باڵا- زانکۆی سۆران
Sabri.Nuri85@gmail.com

پ. ی. د. عثمان علی حسن
پەڕلەمانی کوردستان/ بەشی یاسا

**پوختە**

نووسینی ئەم توێژنەوەیە بە ئامانجی زیاتر خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر حکومەت, لەگەڵ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و زیاتر کاراکردنی ڕۆڵی چاودێریکردنی پەرلەمان. یەکێک لە میکانیزمەکانی چاودێریکردن، ئامرازی پرسیارکردنە, کە بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی چاودێریکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی دادەنرێت هاوتەریبی ئامرازەکانی تری چاودێری، وەک: پرساندن, لێکۆڵینەوە و سەندنەوەی متمانە لە حکومەت.

ئامرازی پرسیارکردن بە پێی پەیڕەوی دەستوری وڵاتەکە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت. ئەوەی تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان ئەگەر سەیری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا بکەین؛ ئامرازی پرسیارکردن یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکانی چاودێریکردنی پەرلەمان لەسەر حکومەت، کە بە شێوەیەکی پوخت لە ڕێگای مەرجە ڕواڵەتییەکان و بابەتییەکان خراوەتەڕوو, ئەم توێژینەوەیە پرسی پرسیارکردن لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەندێ پەیڕەو لە پەرلەمانی وڵاتانی تر، وەک عێراق و سوید و لوبنان و چەند پەیڕەوێکی تر, کە سیستەمەکەیان پەرلەمانییە، وەک: سوید لە دەستووری ساڵی٢٠١٢ی هەموارکراو, لبنان ساڵی٢٠٠٤ و عێراق و چەند وڵاتێکی تر, کە سیستەمی سیاسییان دیموکراسییە وەک میسر.

وشە کلیلییەکان: چاودێریکردن, حکومەت, پەرلەمان, پرسیارکردن, میکانیزم, سیستەم.

# میکانزمی پرسیارکردن وەک ئامرازێکی چاودێریی پەرلەمانی لەسەر دەسەڵاتی حکومەت

## هەرێمی کوردستان-عێراق بە نموونە

## سەرەتا و دابەشکردن

ئەگەر سەیری دەستووری زۆربەی وڵاتان بکەین, زۆر بە ئاشکرا ڕۆڵی چاودێریی پەرلەمانی لەسەر حکومەت دیارە و خاڵی جیاکەرەوەی سیستەمی پەرلەمانی لە سیستەمەکانی تریش ئەو چاودێرییەیە کە ئەنجوومەنەکانی دەسەڵاتی یاسادانان پەیڕەوی دەکەن لە بەرانبەر حکومەت, بۆیە تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لە کاری چاودێری هاوشان لەگەڵ کاری یاسادان لە دەستوورەکان دەقنووس دەکرێن, (أبو شمالة, ١٥٠,٢٠١٨), هەروەها لە سیستەمی پەرلەمانی جەخت لەسەر هەماهەنگی و هاوکاری و چاودێری لە نێوان دەسەڵاتەکان دەکرێتەوە, لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری, کە بە کرۆکی سیستەمی پەرلەمانی دادەندرێت, واتە بە نەبوونی ئەو دوو ئامرازەی هاوکاری و چاودێری ئەوا سیستەمی پەرلەمانی بوونی نابێ, هەتا ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانانیش هەبێ, هەر لەبەر ئەوە دەسەڵاتی یاسادانان لە سیستەمی پەرلەمانی پشت دەبەستێت بە چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەت, ئەمە جگە لە ڕۆڵی یاسادانان بەپێی سروشتی خۆی (الدراجي, ٢٠٠٨, ٢٠٣).

### ئامانجی توێژینەوە:

مەبەستمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە دیراسەی پرسی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستاندا بکەین, لە ڕێگای میکانیزمی پرسیارکردن, تا چەند وەکو ئامرازێکی گرنگ و جێگای بایەخ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و لە چوارچێوەی چاودێریدا ئەم کارە پەرلەمانییە بەرجەستە دەکات؟

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی بەستووە، کە شیکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو - پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت، و بە پێی پێویستیش پشت بە میتۆدی بەراوردکاری دەبەستین، کە بەراوردکردنی باری پرسیارکردن لە هەرێم لەگەڵ ئەم ئامرازە لە پەیڕەوی وڵاتانی تر دەخاتەڕوو.

**کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوە:**

سەرەڕای هەبوونی دەقی یاسایی و پێدانی دەسەڵاتی تەواو بە پەرلەمانی کوردستان بۆ پیادەکردنی ئەم کار و ئەرکە پەرلەمانییە, بەڵام پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دۆخی تایبەتی هەیە و لەم چوارچێوەیەشدا کاریگەی لە سەر ڕەهەند و کاریگەری و ئەنجامی ئەم پرسە هەیە کە بۆ هەهندێ هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

١. خاوەنی دەستوور نین.
٢. ئاماژە پێنەدان لە پەیڕەوی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە گۆڕینی میکانیزمی چاودێری لە پرسیارکردنەوە بۆ پرساندن.
٣. نەبوونی داتای پێویست لە خولەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە. لە باسی یەکەم: تیشک دەخەینە سەر ناساندنی میکانیزمی پرسیارکردن لە پەیڕەوی پەرلەمانی وڵاتان بە گشتی و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. لە باسی دووەمدا: سەرنج دەخەینە سەر مەرجە ڕواڵەتی و بابەتییەکان.

١.١.١.باسی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری سەبارەت بە ناساندنی چەمکی پرسیارکردن

لەم باسەدا هەڵوەستە لەسەر دوو تەوەرە دەکەین, لە تەوەرەی یەکەمدا باسی مێژوو و ناساندنی پرسیارکردن دەکەین. لە تەوەرەی دووەمشدا مەرجە ڕواڵەتی و بابەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو, وەک: پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی٢٠٠٩ بە تایبەتی.

**تەوەرەی یەکەم: مێژوو و ناساندنی میکانیزمی پرسیارکردن:**

میکانیزمی پرسیارکردن بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازی چاودێریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان دادەندرێت بۆ سەر کارەکانی حکومەت, ئەمەش بە مافێکی بنچینەیی دادەندرێت لە زۆربەی دەستوورەکان و یاساکان بۆ کاری پەرلەمانی, ئەم بنچینە تەشریعییانە دڵنیایی ئەوە دەدەن کە مافی هەر ئەندامێکی پەرلەمانە کە بیەوێ گفتوگۆی باسێک بکات یاخود باس لە شاراوەیی بابەتێک بکات و ڕوونیبکاتەوە, کە پەیوەستە بە پرسێک "چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاسایەک، ئەدای کاری حکومەت، کارنامەی حکومەت، هەواڵێک، داتا و زانیارییەک، بوونی شەفافیەت و ...هتد. ئەم ئامرازە گرنگی تایبەتی هەیە و دەیەوێ چالاکییەکانی کارگێڕی و جێبەجێکردن لە ژێر چاودێری و بەدواداچووندا بێت, هەڵسان بەم ئەرکەش لەلایەن هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی پەرلەمانەوە دەکەوێتە سەر توانا و ئاگایی و هۆشیاری کاری پەرلەمانی.

**لقی یەکەم: ڕەوتی مێژوویی میکانزمی پرسیارکردنی پەڕلەمانی:**

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پرسیاری پەڕلەمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەڕا, لە هەر دوو ئەنجوومەنی لۆردەکانی ساڵی ١٧٢١ و لە ئەنجوومەنی گشتی لە ساڵی ١٧٨٣(السید,٨٢،٢٠١٤ , مجید, ٧٤،٢٠١٤), بە پێی هەندێک بیروبۆچوونی تر مێژووی دروستبوونی پرسیاری دەسەڵاتی یاسادانان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی لۆردەکان لە ساڵی١٧٢١, کاتێک پرسیار لە وەزیری یەکەم کرا سەبارەت بە هەڵاتنی چاودێریی دارایی کۆمپانیای باکوور لە لایەن (Earl cowper), و پرسیارەکەی  دەربارەی ئەم وەزیرە ئامرازێک نەبوو لە ئامرازەکانی چاودێریی دەسەڵاتی یاسادانان, بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بوونی پێویستبوون و دانپێدانان بە پرسیارکردن وەک میکانیزمی چاودێریکردن بوو بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی چاودێکردنی دەسەڵاتی یاسادانان, بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاری لەسەردرا بە ڕاگەیاندراوێک سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی هەڵسا بە پێدانی ماف بە ئەندامانی پەڕلەمان, بۆ لێپرسینەوەی پەڕلەمانی بە دەسەڵاتی یاسادانان لە ساڵی ١٧٨٣دا. (المضحکي,٢٨،٢٠١٤)

هەروەها لە فەرەنساش مێژووی سەرهەڵدانی میکانیزمی پرسیارکردن وەک ئامرازێک بۆ چاودێریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر حکومەت, ئەگەر چی بۆ یەکەم جار لە پەیڕەوی کۆمەڵەی نیشتیمانی لە ساڵی ١٩٠٩ دا و لە پەیڕەوی ئەنجوومەنی پیران لە ساڵی ١٩١١, ئاماژە بە پرسیارکردن بە شێوەی نووسراو کراوە. (أونیسي,٦٣,٢٠١٥) پاشان مافی پرسیارکردن بە گوێرەی ماددەی (٤٨)ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ درا بە ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان, کە تەنها لە یەک جۆری پرسیارکردن پێکدەهات, ئەویش پرسیارکردنی زارەکی

بوو, واتە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە میکانیزمی پرسیارکردن بە شێوەی نووسراو نەکرابوو. (ال خلیفە, ٢٢٥,٢٠١٢)

بەپێی ماددەی (٤٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی یاسادانانی میسری, مێژووی میکانیزمی پرسیارکردن وەک چاودێریکردن لەسەر حکومەت ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٣ (پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی یاسادانانی میسری, ١٩١٣, ماددەی٤٥).

هەروەها سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کورستانی عێراقیش, ئەگەر بێت باسی مێژووی سەرهەڵدانی پرسیارکردن بکەین وەکو یەکێک لە میکانیزمەکانی چاودێریکردنی دەسەلاتی یاسادانان لەسەر حکومەت لە عێراق ئەگەڕێتەوە بۆ یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥, کە لە ماددەی (٥٤) دەستوورەکەدا هاتووە: ئەندامانی ئەنجوومەنی ئوومە بۆیان هەیە ڕۆڵی چاودێریکردنی چۆنیەتیی کارکردنی دەسەلاتی حکومەت ببینن, کە ئەویش پێکدێت لە میکانیزمی پرسیارکردن و ڕوونکردنەوە کە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەن (دەستوری عێراق,١٩٢٥,م٥٤).

سەبارەت بە هەریمی کوردستانیش, چاودێریکردنی پەڕلەمان لەسەر کارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران, ئەوا مێژووی چاودێریکردنەکە کە پێکهاتبوو لە میکانیزمی پرسیارکردن و لێپرسینەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢, کە لە ماددەی (٥٤) یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ئاماژە بە پرسیارکردن وەک یەکێک لە میکانیزمەکانی چاودێری کراوە, (ئەوکات پێیدەگوترا یاسای ژمارە١ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق,١٩٩٢).

**لقی دووەم: پێناسەی پرسیارکردن:**

مەبەست لە پرسیارکردن بریتییە لە داواکردنی ڕوونکرنەوە لە حکومەت, لە لایەن هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەربارەی پرسێکی دیاریکراو, بەبێ ئەوەی هیچ ئەندامێکی تری پەرلەمان دەستێوردان بکات, چونکە پرسیار پەیوەندییەکی دوولایەنەیە لە نێوان پرسیارکەر و پرسیارلێکراو (کامل, ٣٦٤,١٩٤٨, الخطيب,٣٨٣,٢٠١٠), پرسیاری پەرلەمان تایبەتمەندییەکە "بە شێوەیەکی ئاسایی, ئەندامێک یان گرووپێک لە ئەندامەکانی پەرلەمان پرسیار بۆ ئەندامێکی حکومەت (لە خشتەی پرسیارکردن ئامادەیدەکات) سازدەکات (Martin and Rozenberg,2012,)، هەروەها لە فەرهەنگی فەرەنسیدا هاتووە پرسیارکردن بریتیە لە داواکاریی تایبەتی کەسێک بۆ گەیشتن بە مەبەست یان ئامانج یاخود شتێکی دیاریکراو، داواکارییەکە لە سەرەتادا بە بیرۆکە یان خاڵێکی بچووک دەستپێدەکات، دواتر گەیشتن بە مەبەست بە چەندین پرۆسەی شیکاری و بەراوردکاری و ئاوێتەکاری دەبێت (DICTIONNAIREFRANCAIS,Question/https://www.linternaute.fr/dictionnaire/fr/definition/question/), یاخود مەبەست لەم مافە بریتییە لەوەی ئەندامانی پەرلەمان بتوانن دەربارەی ئەم کاروبارانە پرسیار بکەن, کە دەیوروژێنن یان سەرنجی حکومەت بۆ لای بابەتێکی دیاریکراو ڕابکێشن, بەپێی سیستەمی پەرلەمانی پرسیار بریتییە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان پرسیارکەر و پرسیارئاراستەکراو (الطماوي,٤٧٥,١٩٩٦), یان "پرسیار بریتییە لەو پرسیارەی نوێنەر دەربارەی پرسێکی دیاریکراو ئاراستەی وەزیری تایبەتمەندی دەکات, و گفتوگۆیەکە تەنها لە نێوان نوێنەرەکە و وەزیری ناوبراو بەڕێوەدەچێت و ئەوانی تر بەشداری تێدا ناکەن"( الحلو, ٣٤٩,٢٠٠٨).

یاخود بە شێوەیەکی تر "ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانن بە پرسیارکردن بە ڕێگایەکی باوەڕپێکراو بەدواداچوون بۆ هەموو لایەنی چالاکییەکانی حکومەت بکەن, کە بریتییە لەوەی کە پرسیار مافێکی کەسیی ئەندام پەرلەمانە, ئاڕاستەی یەکێک لە وەزیرەکان یان سەرۆکوەزیران دەکات بە ئامانجی ڕوونکردنەوە دەربارەی پرسێکی دیاریکراو" (حمدان,٢٨,٢٠١٩)، ئامانج لە پرسیارکردن لە لایەن ئەندام پەرلەمانێکەوە بۆ وەزیری پەیوەندار, یەکێکە لەو میکانیزمە گرنگەکانی بەدەستخستنی زانیاری دەربارەی کاروباری بەڕێوەبردن لە سیستەمە پەرلەمانتارییەکان, پرسیارکردن دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی ڕاستەخۆ نییە, هەمیشە لە دوای پرسیارکردن لە نیوان پرسیارکەر و پرسیارلێکراو مەرج نییە دەنگدانی بەدوادابێت (مرکیش,٥,٢٠١١ ).

مەبەستی توێژەر لە پرسیاری پەرلەمانی بریتییە لە داوای ڕوونکردنەوە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو لە یەکێک لە وەزیرەکان لە لایەن نوێنەرانی گەل, لەوانەیە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی وەزیرەکە بێت بۆ بابەتێک لە وەزارەتەکەیدا, یانیش ئامانجی ئەم کارە ئاگادارکردنەوەی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بێت بۆ کارێکی دیاریکراو, لە نێوان ئەندامی پرسیارکەر و وەزیری پەیوەندیدار بابەتی پرسیارەکە یەکلادەکرێتەوە و کەسی سێیەم ناتوانێت دەستوەردان بکات لە بابەتەکە.

**بە شێوەیەکی گشتی میکانیزمی پرسیارکردن بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە ئاڕاستەدەکرێت:**

١. ڕوونکردنەوەی بابەتێک.
٢. نەبوونی زانیاریی تەواو لەسەر پرسێک.
٣. سەرنجڕاکێشانی حکومەت بۆ ئەوەی ئاراستەی کارکردنی بە شێوەیەکدا بڕوات.

١.٢.١.لقی سێیەم: وەڵامنەدانەوەی پرسیار یان باوەڕپێنەکردنی وەڵام

دەسەڵات هەمیشە هەوڵدەدات خۆی لە کۆت و چوارچێوەی سنووردانان بۆ چالاکییەکانی یان بەداداچوون و چاودێری بپارێزێ، بۆیە دەشێ حکومەت تا بۆی بکرێت لەوانەیە هەوڵبدات بۆ ئەوەی خۆی لە هەندێ بەدواداچوون بپارێزێ، یان وەڵامی حکومەت نەتوانێ بۆ پەڕلەمانتار باوەڕپێهێنەر بێت.

پێش ئەوەی خستنەڕووی بابەتی وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکان یان باوەڕهێنەرنەبوونی لەلایەن سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بخەینەڕوو, تیشک دەخەینە سەر کورتەیەک لە ناساندنی پرساندن و جیاوازیکردنی لەگەڵ ئامرازی پرسیارکردن کە پێشتر ئاماژەمان بە پرسیارکردن کردووە.

سەبارەت بە پێناسەکردنی پرساندن کە بە یەکێک لە مەترسیدارترین ئامرازی چاودێریکردنی پەڕلەمانی دادەندرێت لە سەر حکومەت, ئەویش بریتییە لە: "لێپرسینەوەنەی وەزیر لە هەر کاروبارێکی گشتیی دەوڵەت, کە پەیوەستە بە وەزارەتەکەی و بە ئاگادارکردنەوە دادەندرێت لە لایەن ئەندامانی پەڕلەمان و سەردەکێشێت بۆ وروژاندنی گفتوگۆی گشتی لەناو پەڕلەمان و لەوانەیە کۆتاییەکەی بە لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیر یاخود لە تەواوی وەزارەت بێت"(نویجي,٢٠٢١,٢٧٥).

هەروەها تایبەت بە جیاوازیکردنی ئامرازی پرساندن لەگەڵ پرسیارکردن ئەوەیە, لە ئامرازی پرسیارکردن بابەتەکە لە نێوان پرسیارکەر و پرسیارئاراستەکراوە, بەڵام پرساندن گشتگیرترە لە پرسیارکردن, تاوتوێکردن تەنیا لە بارەی پرساندن لەسەر پرسیارکەر و پرسیارلێکراو کورتناکرێتەوە, بەڵکو هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی

نوێنەران مافی بەشداریکردنیان هەیە لە گفتوگۆکردنەکە لە پاش گوێبیستی وەڵامی وەزیری تایبەتمەند.

لە کاتی ئاراستەکردنی میکانیزمی پرسیارکردن لە لایەن ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانانەوە بۆ حکومەت, کە چ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ یاخود دەستووری وڵاتەکە دەبێت لە ماوەی دیاریکراو وەڵامبدرێتەوە, بۆیە ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە وەڵامنەدرایەوە یاخود ئەو وەڵامەی کەوا لە لایەن وەزیری تایبەتمەند درایەوە باوەڕپێکراو نەبوو ئەوا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی هەندێک لە پەڕلەمانەکان ڕێڕەوی چاودێریکردنەکە لە میکانیزمی پرسیارکردن ئەگۆڕدرێت بۆ پرساندن, بۆ نموونە, ئەگەر سەیری پەیڕەوی پەڕلەمانی وڵاتی ئەردەن بکەین کە لە ماددەی (١٣٢) لە هەر دوو بڕگەکانی (أ و ب)دا ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووە کە تیایدا هاتووە":.

أ- دەتواندرێ پرسیارکردن بکرێت بە پرساندن, بەڵام لەو دانیشتنە نەبێت کە پرسیارەکەی تێدا گفتوگۆ دەکرێت.
ب- دەتواندرێ پرسیار بکرێت بە پرساندن, ئەگەر هاتوو حکومەت وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە لە ماوەی مانگێک لە تێپەڕبوونی پرسیارەکە (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی شانیشینی ئەردەن,٢٠١٣, م.١٣٢- أ,ب).

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی گەلی تونسی ساڵی٢٠١٥ کە لە ماددەکانی (١٤٦ و ١٤٨) ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن دەتوانێت پرسیاری زارەکی یاخود بە شێوەیەکی نووسراو لە ڕێگای سەرۆکی ئەنجومەنی گەلەوە ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار بکرێت و دەبێت حکومەتیش لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە پانزە ڕۆژ لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکە لە دانیشتنێکی گشتیی تایبەتمەند وەڵامی

پرسیارەکە بداتەوە, لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو لەماوەی دیاریکراودا وەڵامنەدرایەوە, ئەوا میکانیزمەکە لە پرسیارکردن دەگۆڕدرێت بۆ لێسەندنەوەی متمانە (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی گەلی تونس,٢٠١٥, م.١٤٦-١٤٨).

ئەگەر سەیری پەیڕەو و یاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدڕاڵ بکەین لە دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تایبەت بە ڕۆڵی چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر حکومەت  کە لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٨ دەرکراون, بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بەوە نەکراوە کە لە حاڵەتی پرسیارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر بابەتێک کە ئاراستەی حکومەت دەکرێت لە ئەگەری وەڵامنەدانەوەی حکومەت یاخود ئەگەر وەڵامیش بدرێتەوە, بەڵام وەڵامەکە باوەڕپێهێنەر نەبوو ئەوا میکانیزمی چاودێریکردن لە پرسیارکردنەوە بگۆڕدرێت بۆ پرساندن، کە بێگومان ئەمەش وەک پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە کەموکورتی هەژمار دەکرێت, لە ڕۆڵی چاودێریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لە سەر حکومەت.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی مەغریبدا میکانیزمی پرسیارکردن شێوازێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو پەیڕەوانەی کە پیشتر باسمان کرد و هەروەها لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی هەریەک لە عیراق و هەرێمی کوردستانی عیراقیش جیاوازە, کە بە پێی ماددەی (١٥٢) پەیڕەوی پەرلەمانی مەغریب هاتووە، دەڵێت: (نوێنەرانی پەرلەمان ژنان و پیاوان بۆیان هەیە قسە بکەن لە کۆتایی دانیشتنی هەفتانەی پەرلەمان کە تایبەتکراوە بە پرسیارکردنی زارەکی بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی گشتی و هەنووکەیی کە پێویستە تیشکیان بخرێتە سەر و ڕای گشتیی نیشتمانیان لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەندامەکان لە سەرۆک گرووپ و دەستەی نوێنەرایەتی و ئۆپۆزسیۆن, دواتر حکومەت دەتوانێت لە کاتی پێویست

ڕای خۆی لەسەر چەندین بارودۆخی تری پەیوەست دەرببڕێ بە نووسراو لەڕێی سەرۆکی ئەنجوومەن کە گشتاندنی بۆ دەکات بۆ هەموو سەرۆک گرووپ و دەستەی نوێنەرایەتییەکان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی مەغریب,٢٠١٧, م. ١٥٢).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا سێ پەیڕەوی ناوخۆی دەرکردووە, کە تەنها لە پەیڕەوی دووەم لە ساڵی ٢٠١٣ دەرچووە ئاماژەی بە گۆڕینی میکانیزمی پرسیارکردن بۆ پرساندن کردووە, واتە نە لە پەیڕەوی یەکەم کە لە ساڵی١٩٩٢ و نە لە پەیڕەوی سێیەمی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی٢٠١٨ دەرچووە ئاماژەیان بەو حاڵەتە نەکردووە, کە ئەمەش بەیەکێک لە کەموکورتییەکانی ئەم پەیڕەوە هەژماردەکرێت, چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە چاودێریکردنی پەرلەمان لەسەر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران, بۆیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق و هەموارکردنەکانی کە لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە دەرچووە کە ئێستا هەڵوەشاوەتەوە و کارپێپێناکرێت لە ماددەی (٦٧)ی هەموارکراودا بەم شێوەیە باسی ئەم حاڵەتەی کردووە: "ئەگەر حکومەت لە ماوەی یاساییدا وەڵامی پرسیاری ئەندامەکەی نەداوە ئەم ئەندامە بۆی هەیە ڕەوانەی پرساندنی بکات و هەمان ڕێکاری گرتراوەبەر لە پرساندنەکان دەگیرێتەبەر"(بەزاز, ٥٩,٢٠١٣ی هەموارکراو).

## تەوەرەی دووەم: ڕێکخستنی شێوازی پرسیارکردن وەک ئامرازێکی چاودێری لە دەستوور و یاسادا:

لەم تەوەرەیەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە بابەتی پرسیارکردن دەدەین لە دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی چەند وڵاتێک, کەوا

سیستەمی سیاسییان پەرلەمانییە و لە نێوانیشیاندا باسی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەکەین.

هەروەها جیاوازی ئەو ماددانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا تایبەت بوون بە وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکان لە لایەن حکومەتەوە، بەڵام ئەو ماددانەی کە لەم تەوەرەیەدا باس دەکرێن تایبەتن بە چۆنیەتیی پرسیارکردن لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە پێی ئەزموونی چەند وڵاتێک.

لە دەستووری وڵاتی سویدا بە تایبەت, لە ماددەی(٥)دا هاتووە و دەڵێت هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێت پرسیارەکانی پێشکەش بە وەزیرێک بکات لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە کاروبارەکانی وەزیرەکە لە ئەرکە فەرمییەکانی بە پێی ئەو بنەمایانەی کە بە دوور و درێژی لە یاسای پەرلەمان باسکراوە (دەستوری سوید,١٩٧٤,م.٥).

هەروەها ئەگەر سەیری دەستووری نەمسای ساڵی ١٩٢٠ بکەین کە لە ماددەی (٥٢)دا هاتووە: لە کاتی دانیشتنەکانی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتیمانی و فیدراڵیدا هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی و ئەنجوومەنی فیدراڵی مافی ئەوەیان هەیە پرسیاری زارەکیی کورت ئاراستەی ئەندامانی حکومەتی فیدراڵی بکەن (دەستوری نەمسا,١٩٢٠,م.٥٢,خ٣).

لە دەستووری جەزائیر ماددەی ١٣٤ ((ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پرسیاری زارەکی یان نووسراو ئاراستەی هەر ئەندامێکی حکومەت بکەن و وەڵامی پرسیاری نووسراو بە نووسراو دەبێت، لە ماوەیەک کە لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت و وەڵامی پرسیارە زارەکییەکان لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەن دەبێت)) ( دەستوری جەزائیر,٢٠٠٨,م.١٣٤).

بەپێی ماددەی (٩٣)ی دەستووری ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتووی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێک لە جێگرەکانی یان بە لایەنی کەم یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدراڵی لە دانیشتەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی نوێنەرایەتی حکومەتی فیدراڵی دەکات، سەرۆکوەزیران یان یەکێک لە جێگرەکانی یان وەزیری تایبەتمەند, وەڵامی ئەو پرسیاریارانە دەداتەوە، کە هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن دەربارەی کاروبارەکانی پەیوەست بە ئەرکەکانیان ئاراستەیان دەکەن) (دەستوری ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو,١٩٧١, م. ٩٣).

لە ماددەی(١٢٩)ی دەستووری میسردا هاتووە: ((هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزیرەکان یان جێگرەکانیان بکات دەربارەی هەر بابەتێکی پەیوەست بە ئەرکەکانیان، و پێویستە لەسەریان لە خودی خولی گرێدان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە)) (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی میسر,٢٠١٦, م.١٩٨).

بەپێی ماددەی (٦١/أ) لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا (ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆی هەیە لە هەر بابەتێک کە بچێتە تایبەتمەندییەکانیەوە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات, بۆ هەریەک لەوانیش مافیان هەیە وەڵامی پرسیاری ئەندامەکە بداتەوە, واتە ئەگەر لە یەکەم نەگەیشتە ئەنجام لە بەرسڤی دووەم بە تەنها دەتوانێت خۆی پرسیاری دیکەی لێ بکات ئەندام پەرلەمانەکانی تر بۆیان نییە) (ئازاد,٢٠١٤,١٨٩).

هەروەها بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ لە ماددەی (٥٠)دا هاتووە: (ڕێگەپێدراوە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لای خۆیان پرسیاری نووسراو ئاراستەی ئەندامانی

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی یان سەرۆکوەزیران و جێگرەکانی یاخود وەزیرەکان یان سەرۆکی ئەو دەزگایانەی کەوا نەبەستراون بە وەزارەت یاخود کەسانی تر بکەن) (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق,٢٠١٣, م.٥٠), بە پێی یاسای ئەنجوومەنی نوێنەران کە لە ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە و تیایدا هاتووە: ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانێت پرسیار ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان و بەرپرسی دەستەی سەربەخۆکان و سەرۆکەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پارێزگاران و سەرۆکەکانی ئەو دەستانەی کە نەبستراون بە وەزارەتەکانەوە بکات (یاسای ژمارە (١٣)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق,٢٠١٨, م.٢٧/دووەم).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش بە پێی یاسای پەڕلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراودا هاتووە و دەڵێت: لە پەڕلەمانی کوردستاندا هەر یەکێک لە ئەندامانی پەڕلەمان دەتوانن پرسیار و لێپرسینەوە ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجوومەن و وەزیرەکانی بکات لە هەر بابەتێکدا لە بواری پسپۆڕێتیی ئەواندا. (یاسای ژمارە (١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق,١٩٩٢, م.٥٤, خ١).

لە ماددەی (٥٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستانی عێراقدا هاتووە: لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ئەندامپەڕلەمان بۆی هەیە پرسیاری زارەکی یاخود نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات، بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی کار و دەسەڵاتەکانیان یان مژارێک کە ئەندام لەم بارەیەوە زانیاری نییە. (پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان, ٢٠٢٠, م.٥٨).

بەپێی ماددەی (٥٠) پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە: لە بارەی کاروباری حکومەت یان یەکێ لە

وەزارەتەکانەوە، ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن پرسیار ئاراستەی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یاخود یەکێک لە وەزیرەکان بکەن, رێکخستنی ئەم کارە بەپێی یاسا و پەیرەوی ناخۆی پەرلەمان دەبێت. (پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق,٢٠٠٩, م.٥٠).

دوای ئەوەی پرۆژەی دەستوور لە پەرلەمان دەنگدانی بۆکراو، و یاسای بۆدەرچوو کە بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەلام بەهۆی رۆڵی نەرێنیی ئۆپۆزسیۆن لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسێکی هەستیاری وەک دەستووردا، پرۆژەکە نەخرایە ریفراندۆمەوە، لە دانیشتنێکی ئاساییدا پەرلەمان یاسای ژمارە (٤) لە بەرواری ٢٠١٥/٤/١٣ دەرکرد بە ناوی یاسای ئامادەکردنی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان_ عێراق بۆ راپرسی, ئەگەر چی لە دوای دەرکردنی ئەم یاسایە دەبوایە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا لە رێگەی دروستکردنی لێژنەیەک کە ژمارەیان (٢١) کەس بوو, کارەکان تەواو بکات و لە رێگای سازانی نیشتیمانی و بە لایەنی کەم کۆی پرۆژەکە بە رەزامەندی ٣/٢ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندبکرێت, بەلام تا ئێستا پرۆژەکە تەواونەکراوە, بەلام ئەم پرۆژەیە تائێستاش جێی بایەخی توێژەران و یاساناسانە, چونکە کاتی خۆی پەرلەمان دەنگی بۆ داوە و تەنها پرۆسەی ریفراندۆمی مابوو, هەروەها گەلاڵەنامەیەکی گرنگە و جێگای سەرنج و گفتوگۆی توێژەرە ئەکادیمییەکانە.

**ئەنجامەکانی تەوەرەی دووەم**

١. لە زۆربەی دەستوور و پەیرەوی وڵاتان ئاماژە بە میکانیزمی پرسیارکردن کراوە وەک ئامرازێکی چاودێری.
٢. ئاراستەکردنی ئامرازی پرسیارکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەگۆردرێت.

٣. لە زۆربەی پەیڕەو و دەستووری وڵاتان کات دیاریکراوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە لایەن حکومەت, جا چ بە نووسراو یاخوا لە کاتی گفتوگۆکردن بە زارەکی ئاراستەی کرابێت.

٤. بە شێوەیەکی گشتی خاڵی جیاوازی ماددەکانی ئەم دەوڵەتانەی کە توێژەر خستیەڕوو, پێکدێت لەوەی کە بەگوێرەی پەیڕەو دەستووری وڵاتان, زۆربەیان میکانیزمی پرسیارکردنیان بە شێوازی نووسراو چەسپاندووە وەک لەوەی بە شێوازی زارەکی بێت.

٥. ئەگەر وەڵامی پرسیار لە کاتی خۆی نەبوو یان بۆ پەرلەمانتار باوەڕ پێهێنەر نەبوو، ئەوا چۆنیەتیی مامەلەکردن لەگەڵیدا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی وڵاتان جێکەوتەی جیاوازی دەبێت.

## باسی دووەم: مەرجە ڕواڵەتی و بابەتییەکانی پرسیارکردنی پەرلەمانی وەک ئامرازی چاودێریی حکومەت

میکانیزمی پرسیارکردنی پەرلەمانی هاوشێوەی میکانیزمەکانی دیکەی وەک لێکۆڵینەوە و پرساندن و لێسەندنەوەی متمانە، پێویست دەکات کۆمەڵێک مەرجی شێوەیی و بابەتی تیادا فەراهەم بێت، ئەم مەرجانەش لە دەستوور یاخود پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان دیاری دەکرێن، ئامانج لەم مەرجانەش ڕێکخستنی ئامرازەکانی لێپرسینەوە و هێنانەکایەوەی سەقامگیریی کاری پەرلەمانییە. لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر مەرجە ڕواڵەتی و بابەتییەکان بە گشتی لە وڵاتان و هەرێمی کوردستان.

## تەوەرەی یەکەم: مەرجە ڕواڵەتییەکانی پرسیارکردن

١. **پێویستە پرسیارەکە بە شێوەی نووسراو بێت:** واتە مەرجە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ وەزیری تایبەتمەندەوە بە نووسراو پێشکەش بکرێت و لە خوارەوە ئیمزا بکرێت, چۆن لە پەیڕەوەکانی یاسادانانی ناوخۆدا ئاماژەی بۆ کراوە, تاوەکو وەزیری تایبەتمەند بتوانێت وەڵامی پرسیارەکە بە ئاسانی بداتەوە و پاشان هەتا وەڵامەکەی وەک پێویست باوەڕپێکراو بێت, هۆکاری ئەوەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە نووسین ڕێگە بە پرسیارکەر دەدات لە ڕووی شێواز و داڕشتن و دەستەواژەی گونجاو و سنووردارەوە بکرێت (اليامي,٩٢,٢٠١٩, پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی میسر,٢٠١٦,م.٢٠١).

ئەوەی ئەم مەرجە جیادەکاتەوە لەگەڵ مەرجی پرسیاری نووسراو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە, پرسیارکردن بەپێی پەیڕەو ڕێگەپێدراوە هەم بە شێوەی نووسراو یاخود زارەکی بێت.

هەڵسەنگاندنی توێژەر بۆ ئەم خاڵە, ئەوەیە, هەندێک حاڵەت و لە کاتی گفتوگۆکردنی بابەتێک وا دەخوازێت, جگە لە پرسیاری نووسراو، پرسیاری زارەکیش ئاراستەی لایەنی بانگهێشتکراو بکرێت, هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, دەتوانرێت بە خێرایی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە وەڵامی پرسیارەکان بەدەستبخرێت، لەو کاتەی ئاڕاستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەن.

٢. کاتێک داوایەک لە ڕێگەی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە لە لایەن یەکێک لە ئەندامی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی حکومەت دەکرێت, دەبێت بە شێوەیەکی نووسراو بێت, لەم باروودۆخەشدا کەسی پرسیارلێکراو (سەرۆکوەزیر یان وەزیر) بە شێوازی نووسین

وەڵامەکـــەی دەهێنێـــت بـــۆ ئـــەو ئەندامـــەی پرســـیارەکەی ئاڕاســـتەکردووە (لیـــل,١٩٦٩,٩٢٤), بـــەپێی پـــەیڕەوی نـــاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتانی عێـراق (لـە لایـەن یـەکێ یـان زیـاتر لـە ئەنـدامان دەبێت پرسـیار بەردەسـت خسـتن کرابێت و ڕێکـەوت و واژۆی لەســەر نووســراوبێت و لــە ڕێــی ســەرۆکی پەرلەمانــەوە ئاڕاسـتەکرابێت) (پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان,٢٠٢٠, م.١/٥٩).

**٣. پرسیارەکە ئاراستەی ئەندامی پەیوەندیدار دەکرێت لە حکومەت:**

لە کاتی ئاراستەکردنی پرسیارکردن پێویستە پرسیارەکە ڕووبەڕووی وەزیری تایبەتمەند بکرێتەوە, نابێت پرسیارەکە بۆ یەک وەزیر زیاتر ئاراستە بکرێت و ئەگەر بە پێچەوانە بوو ئەوا سەرۆکی ئەنجوومەن (پەرلەمان) دەتوانێت ڕەتیبکاتەوە, هەروەها ئەگەر پرسیارەکە ئاراستەی وەزیری تایبەتمەند نەکرا, وەزیرەکە دەتوانێت وەڵامنەداتەوە ئەگەر ڕەتنەکرایەوە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەن (أبو یونس,٥٨,٢٠٠٢), کاتێک پرسیار لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی حکومەت دەکرێت دەبێت لە تایبەتکاری وەزیری پەیوەندیدار بێت بە پێچەوانە وەزیرەکە دەتوانێت وەڵامنەداتەوە (حامد,٥٨,٢٠١٩).

**پرسیارەکە لە لایەن یەک ئەندامی پەرلەمان پێشکەشدەکرێت:** هۆکاری ئەمەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: سروشتی پرسیارەکەی وای لێکردووە کە دەبێت لەلایەن یەکێک لە ئەندامانەوە پێشکەش بە وەزیری پەیوەندیدار بکرێت, ئەمەش بۆ هەموو ئەندامێکی پەرلەمان مافێکی بڕیارلەسەردراوە و نەریتێکی ڕێزگرتنە لە ڕەشنووسی دەستووری.

دووەم: لەلایەن ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان چەند پرسیارێکی بە کۆمەڵ کە پێشکەش دەکرێت یان دەوروژێندرێت, بە مەبەستی پرسیارکردن نا, بەڵکو بە ئامانجی خستنەرووی بابەتێکی گشتی بۆ تاوتوێکردن و یان سەرنج خستنە سەر بابەتەکە بۆ ئەوەی پێویست بوونی وەڵامدانەوەی پێببەخشن, ئەمەش بۆ حکومەت و وەزیری پەیوەندار بەرپرسیاریەتیی سیاسی دەوروژێنێت (کمال,١٩٢٧,٢٤٠, المسوري,٢٠١٨,١٦٧), بە بۆچوونی نووسەران گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک تەنها لە نێوان نوێنەری پرسیارکەر و وەزیری پەیوەندیدار بە بابەتەکە دەبێت بەبێ ئەوەی ئەندامانی تر دەستتێوەردان بکەن, بۆیە پەیوەندییەکە تەنها لە نێوان ئەوان دەبێت (المشهداني,٢٠٠٧,١٣٠), کاتێک پرسیارەکە ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکوەزیران یان یەکێک لە وەزیرەکان دەکرێت، تەنها دەبێت پرسیارەکە لەلایەن یەک ئەندامەوە ئاراستەبکرێت (الهیتي,٢٠٠٧,٨٠), هەروەها لە ماددەی (٥٠)ی پرۆژە دەستووری لەکارکەوتووی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە و دەڵێت, لە بارەی کاروباری یەکێک لە وەزارەتەکان یاخود ئەنجوومەنی وەزیرانەوە, ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت پرسیار ئاراستەی سەرۆکوەزیران یان جێگرەکەی یاخود یەکێک لە وەزیرەکان بکات.

سەبارەت بە جیاوازیی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەیڕەوی وڵاتانی تر ئەوەیە, لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا کە بەپێی ماددەی (٥٩) لە خاڵی یەکەم هاتووە و دەڵێت: پرسیار لە لایەن ئەندامێک یان زیاتر پێشکەشکرابێت, کەچی لە پەیڕەوی وڵاتان, بۆ نموونە: لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی یەکگرتووی ئیمارات ئاماژەی بەوە کردووە, تەنها ئەندامێک پرسیار پێشکەشدەکات, هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میکانیزمی پرسیارکردن پەیوەندییەکی کەسییە لە نێوان پرسیارکەر و پرسیارلێکراو.

٤. **پێویستە ئەو پرسیارەی کە ئاراستە دەکرێت لە چوارچێوەی ڕادەی یاسایی ئەو بەشە بێت کەوا ڕێگەی پێدراوە:** واتە تەنها بۆ یەک ئەندام پەرلەمان هەیە کەوا پرسیارێک لە یەک دانیشتندا ئاراستە بکات و هەروەها بەپێی ئەزموونی وڵاتان هەم ژمارەی پرسیارەکان و هەمیش ماوەی پێشکەشکردنی پرسیارەکان دیاریدەکرێت (فراج,١٩٩١,١٥٣).

جیاوازیی ئەم خاڵە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا لە دوو لایەن پێکدێت:

یەکەم. لە ڕووی ماوەی پرسیارکردن کە لە پەیڕەودا هاتووە ئەندام دەتوانێت لە هەر دانیشتنێکدا یەکجار پرسیار ئاراستە بکات بە شێوەی زارەکی. لایەنی دووەمیش، ئەوەیە کە لە پەیڕەوەکەدا ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئەندام لەماوەی دیاریکراو دەبێت چەند جار پرسیاری نووسراو پێشکەشبکات. (بڕوانە (ماددەی٦٣/ خاڵی یەکەم, لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨)

**٥. لە کاتی پێشکەشکردن پرسیار داڕشتنێکی چاک بکرێت:**

لە کاتی ئاڕاستەکردنی پرسیار لە لایەن ئەندامێکەوە پێویستی بە داڕشتنێکی باش هەیە, کۆمەڵێک پێداویستی لەخۆدەگرێت وەک: پوختی, پێویستە پرسیارەکە پوختی بێت واتە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە بابەتەکە بکات, نابێت پەنابربرێتە بەر پرسیاری تر کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت و لە بایەخی پرسیارەکە کەمبکاتەوە (أمین,٢٠١٨,١٢٣).

٦. **پێویستە پرسیارەکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت:** واتە پرسیارەکە دید و تێڕوانینێکی دیاریکراو هەڵبگرێت, و لە هەمان کاتدا

پەیامێکی کورتیش نەبێت یان وتار بێت یان زانیارییەکان بەدەستەوە نەدات, یان بە شێوازێک داڕێژرابێت زۆر وەڵام هەڵبگرێت (غنایم,١٨٢,٢٠١١).

٧. **ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە هەڵواسینی پرسیارەکە بە خشتەی کارەکان**: (الأحمد,٣١٠,٢٠٠٨)

هەڵواسینی پرسیارەکان بە خشتەی کارەکانی پەڕلەمان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێن, لە هەندێک وڵاتدا بە گوێرەی ماددەی یاسایی بابەتەکە ڕێکخراوە, لە هەندێک وڵاتی تریش تەنها ئەزموونە بە گوێرەی پراکتیک بۆتە عورفێکی دەستووری, بۆ نموونە: لبنان, هەروەها هەندێک بابەتیش هەیە عورفییە بۆ نموونە: لە عێراقی فیدڕاڵ سەرۆککۆمار دەدرێتە کورد کە ئەمە بووەتە عورفێکی دەستووری.

بە گوێرەی ماددەی ١٨٥ی پەیڕەوی ئەنجوومەنی گەلی میسری, سێ مەرج داوادەکات بۆ دانانی پرسیارەکە لە خشتەی کارەکان ئەوانیش پێکدێن لە:

أ- پرسیارەکە پێویستە لەو پرسیارانە بێت کە پەیوەندارن بەو بابەتانەی کاری یەکێک لە لیژنەکانی ئەنجوومەنە, ئەمەش بۆئەوەیە کە ڕێگری بکرێت لە ڕوودانی پشێوی لە کاتی هەبوونی نەگونجان لە نێوان وەڵامەکان لە کۆتاییدا لە نێوان پرسیارەکە و ئەو ئەنجامەی کە ڕاپۆرتەکە بەدەستدێنێت.

ب- لەیەک دانیشتن ڕێگەنادرێت بە زیادکردن لە پرسیارێک زیاتر لەلایەن ئەندامێک یان زیاتر بە چەند پرسیارێک لە مانگێکدا.

ت- بـــەر لـــەوەی وەزارەت بەرنامـــەی خـــۆی بخاتـــەڕوو ڕێگـە نادرێـت بـە زیـادکردنی پرسـیارێک لـە خشـتەی کارەکانــدا, ئەمـــەش لەبەرئـــەوەی نـــەبادە پرســـیارەکە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک باسی خشتەی کارەکانی پەڕلەمان نەکراوە لە کاتی پێشکەشکردنی پرسیار, لە لایەن ئەندامانەوە وەک ئەوەی کە لە خاڵی هەشتەمی پەیڕەوی ئەنجوومەنی گەلی میسری داهاتووە, کە تیایدا ئاماژەی بە خشتەی کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان کردووە لە کاتی ئاراستەکردنی پرسیار لەلایەن ئەندامانەوە بۆ حکومەت.

٨. سەرۆکی حکومەت یان یەکێک لـە جێگرەکانی یان وەزیرێک یان جێگرەکەی وەڵامی پرسیارەکە دەداتـەوە کە لـە خشـتەی کارەکان زیــادکراوە, دەتوانێــت داوا بکــات بــە دواخســتنی وەڵامەکــە لــە هەفتەیـەک زیـاتر نـەبێت, دواتـر دەبێـت وەڵامبداتـەوە و تـەنها بـە بڕیاری ئەنجوومەن نەبێت ناتوانێت وەڵامەکە لـە یـەک جار زیـاتر دوابخـات (الهیتـي,٧٧,٢٠٠٧)، ئـەو پرسـیارانەی کـە وابەسـتەن بـە بابــەتی لێژنــەکانی ئەنجــوومەن (پەڕلــەمان) نابێـت بخرێنــە نێـو پـەیڕەوی کارەکـانی پەڕلەمـان, پـێش ئـەوەی لێژنەکە ڕاپۆرتەکـەی پێشکەش بە ئەنجوومەن بکات, هیچ ئەندامێک ڕێگە پێدراو نییە لـە یەک پرسیار زیاتر ئاراستە بکات لە یـەک دانیشـتن, وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانیش بـە گـوێرەی ڕێکخسـتنی کـاتی پرسـیارەکە دەبێـت (پـەیڕەوی نـاوخۆی ئەنجوومــەنی نوێنــەرانی عێـراق,٢٠١٣,م٥٢), یــاخود دیراســەکردنی ئــەو پرسـیارەی کــە وەڵامەکــەی زارەکییــە

لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەیخاتە پەیڕەوی کارەکانی لە نزیکترین دانیشتنیدا ئەمەش دوای یەک هەفتە لە بەرواری ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە لایەنی کەم, نابێت لە دوو هەفتە زیاتر وەڵامی پرسیارەکە بخایەنێت (هەمان پەیڕەوی پێشوو, م.٥١).

ئەوەی خاڵی جیاوازە لە نێوان خاڵی ژمارە نۆ لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا کە پێشتر ئاماژەم پێداوە؛ ئەویش ئەمەیە ئەگەر هاتوو وەزیری تایبەتمەند یاخود سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەو ماوە یاساییەی کە دیاریکراوە بۆ وەڵامدانەوەی یاخود ئەگەر وەڵامەکە باوەڕپێهێنەر نەبوو، ئەوا لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی٢٠١٨ کە دوای گۆڕانکارییەکانی هیچ ئاماژەیەکی پێنەکردووە بەوەی کە لە حاڵەتی وەڵامنەدانەوەی وەزیر یان سەرۆکوەزیران میکانیزمی پرسیارکردن بگۆڕدرێت لە پرسیارکردن بۆ میکانیزمی پرساندن.

٩. **پرسیارەکە پێویستە پوخت بێت:**

أ- پێویستە پرسیارەکە دووربێت لە تانە و مشتومڕ و بیروڕای تایبەتی و کورت بکرێتەوە, تیشک بخاتە سەر ئەو ڕاستییانەی کە پێویستە (حمودي,١٤٨,٢٠٢٠), هەروەها بەپێی ماددەی(٥٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان, دەبێت میکانیزمی پرسیار پوخت و ڕوون بێت و ئامانجەکەی دیاریکراوبێت.

ب- ئەنجوومەنی گەلی میسری پێیوایە کە دەتوانێت سی بۆ چل پرسیار لەیەک دانیشتندا بکات, ئەگەر پرسیار و وەڵام کورت و پوخت بن, بۆ نموونە: وەزیری پەیوەندیدار لە ئینگلتەرا وەڵامی پرسیارەکان بە بەڵێ یان بە نەخێر دەداتەوە, ئەگەر

یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن ویستی وەڵامێکی درێژی بدرێتەوە, ئەوا پێویستە بە نووسین پێشکەشی بکات (حسنین و محمد,٢٠١٣,٣٠, أبو یونس,٢٠٠٢,٦١).

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان لە ماددەی (٥٩) خاڵی دووەمدا ڕاستە ئاماژەی بەوە کردووە، کە دەبێت میکانیزمی پرسیارکردنەکە ڕوون و پوخت بێت, بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بەمە نەکردووە کە لە دانیشتنێکدا ئەندامپەڕلەمان بۆی هەبێت چەند پرسیاری کورت و پوخت پێشکەش بە وەزیر و سەرۆکوەزیران بکات.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەشدا, توێژەر سەرنج لەسەر ئەوە دەدات ئەگەر هاتوو یەکێک لە مەرجەکان بەدەربوو لەو مەرجانەی کە ئاماژەی پێنەکرابوو نە لە پەیڕەو و نە لە دەستوور ئەوا پرسیارەکە ڕەتدەکرێتەوە لە لایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران, بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە ماددەی (٦٠) پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کورستان لە ساڵی٢٠١٨ ئاماژەی پێکراوە، کە تیایدا هاتووە, ئەگەر یەکێک لەو مەرجانەی کە لە ماددەی (٥٩)دا هاتووە نەبوو دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئەم پرسیارانە ڕەتبکاتەوە.

### تەوەرەی دووەم: مەرجە بابەتییەکانی پرسیارکردن

لەم تەوەرەیەدا باسی مەرجە بابەتییەکان بە گشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستانی عێراق ساڵی ٢٠١٨ دەکەین:

١. **بە مەبەستی فشار خستنە سەر لایەنی پەیوەندار تایبەت بە پرسێک یان کێشەیەکی دیاریکراو:** پێویستە پرسیارەکە بە

ئامـانجی یـان بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە وەزیرەکـانی تایبـەت بـە بابەتێکی دیاریکراو کە تایبەتە بە پسپۆڕییەکەیان یان تایبەتە بە بەرپرسـیارێتیی سـەرۆک و وەزیرەکـانی ئەنجوومـەنی وەزیـران (البحري,٢٠٠٥,١١٥-٢٠٠٦).

٢. **پەیوەستبوونی پرسیارەکە بە بەرژەوەندیی گشی:**

ئەو پرسیارەی کە لەلایەن ئەندامێک ئاڕاستەی حکوومەت دەکرێت نابێت پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت, واتە پێویستە پرسیارەکە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندیی گشتی یان زۆرینەی خەڵک, هەروەها پەیوەندار بێت بەو بنەمایانەی کە پێویستە حکومەت لەسەری بڕوات, واتە پەرلەمان لە ئەرکی خۆی کە بریتییە لە چاودێریی کارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران لادەدات بۆ کاری تاکەکەسی، ئەم ڕێگەیەش ڕێگەپێدراو نییە, بۆیە نابێت پرسیارەکە پەیوەست بێت بە کەسێکی دیاریکراو یان پۆستێکی دیاریکراو, ئەگەر وانەبێت ئەوا پرسیارەکە دەبێتە پرسیاری کەسی (البدري,٢٠١٧,٢٤, یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی میسر, ٢٠١٦م.١٩٩), هەروەها پێویستە پرسیارەکان هەڵگری تایبەتمەندیی گشتی بن, بۆیە نابێت ئەندامەکە پرسیارێک پێشکەشبکات کە ڕوونکردنەوە بدات لەسەر بابەتێک پەیوەست بێت بە تاکێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو یاخود سەروەت و سامانی کەسانێکی دیاریکراو, واتە پێویستە پرسیارەکە هەڵگری سیفەتی کەسی نەبێت (قاسم,١٩٩٩,٣٥٥, حفیظ,٢٠١٤,٧٣).

ئەوەی خاڵی جیاواز و جێگای پرسیارە ئەوەیە, کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا باسی ئەوەی نەکردووە, پرسیارەکە سیفاتی کەسیی پێوە دیار نەبێت, کە لە پەیڕەوی پەرلەمانی وڵاتانی تر چەسپێندراوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە.

هەروەها پرسیارەکە نابێت, سەرپێچیی دەستوور و یاسا و بەرژەوەندیی گشتی بێت, نابێت وەڵامی پرسیارەکە پێشتر درابێتەوە (پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان,٢٠٢٠,م٥٩/پێنجەم).

أ. لە کاتی دروستبوونی پرسیار لە لایەن ئەندامانەوە پێویستە بەرژەوەندیی باڵای وڵات لەبەرچاوبگیرێت و زیانی بەرنەکەوێت, بە جۆرێک ئەو کەسەی پرسیار دەکات سەر بکێشێت بۆ وروژاندنی کێشە یان ناکۆکی لەگەڵ وڵاتێکی تر, یاخود ئامانجی لە پرسیارەکەی ئاشکراکردنی زانیاریی نهێنی بێت (الرحمان, ٢٠١٧-٢٠١٨, ١٦٩).

٣. **پێویستە پرسیارەکە لە دەستەواژەی نەشیاو و تۆمەتبارکردنی کەسەکان بە تایبەت ناوی کەسی پەیوەندار بەتاڵ بێت:** واتە پرسیاری نووسراو دەبێت بە شێوازێک دابڕێژرێت کەس تۆمەتبار نەکات, هەروەها پرسیارکردن وەک ئامرازی چاودێریکردنی پەڕلەمان لەسەر کاروباری حکومەت نابێت ببێتە هۆی هێرشکردن و تۆڵەسەندنەوەی کەسی, ئەم دەستەواژەیە لە یاسانامەی پەڕلەمانی وڵاتی فەڕەنسا نووسراوە و کارییێدەکرێت (قاسم,١٩٩٩,٣٥٦, غنایم,٢٠١١,١٧٥, الأحمد,٢٠٠٨,٢٣١, المسوري,٢٠١٨,١٦٨).

٤. **پێویستە پرسیارەکە هەڵگری دەستەواژەی پێچەوانەی عورفی پەڕلەمان نەبێت:**

ئەندامی پەڕلەمان کاتێک لە لایەن دەنگدەر متمانەی پێدەبەخشرێت و دەبێتە نوێنەری خەڵک لە مینبەرێک کە یەکێکە لە پیرۆزترین مینبەرەکانی دەوڵەت, لە دوای مینبەرە ئایینییەکان, ئەویش بریتییە لە دەسەڵاتی یاسادانان, بۆیە کاتێک لەسەر بابەتیک پرسیار دروستدەبێت و ئەمەش بە

مانای ئەوە دێت پرسیارەکان هەڵگری دەستەواژەی وانەبن کە لە شکۆی مرۆڤەکان بدات، هەروەها هەڵگری دەستەواژەی بریندارکەر نەبێت دەستەی حکومەت یان کەسایەتیی خودی وەزیر یان هەر کەسێکی تر, چونکە ئەمە گونجاو نییە لەگەڵ کەسایەتیی نوێنەری هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەوە (فريق الإعداد, ياغى.... العومني,٦٣,٢٠١٧).

٥. **پرسیارەکە نابێت بە یاساوە پەیوەندار بێت:** واتە لە تایبەتمەندییەکانی دادگایە ئەو بابەتە (عبداالله,رشيد,١٢٣,٢٠١٥), بە شێوەیەکی گشتی ناکرێت میکانیزمی پرسیارکردن لەسەر بابەتێک بێت کە دادگاکان بە تایبەتکاری خۆیان بزانن, واتە ((ئەو کارانەی کە پێویستە بخرێنە ژێر چاودێریی ئەنجوومەنی نوێنەران دەبێ ئەو کار و بابەتانە بن کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆڕییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران, هەروەها کاروباری دادوەریش دەچێتە ژێر پسپۆڕییەکانی دەسەڵاتی دادوەری, واتە ئەنجوومەنی نوێنەران نابێت دەست وەربدات لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری, وەک ئەوەی کە چاودێری لە سەر بڕیارەکانی دادگا بکات یاخود ڕێڕەو و یاساکان دابنێت, چونکە ئەمە دەبێتە سنووربەزاندن و شکاندنی پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)) (مصطف,٢٠١٦-٢٥,٢٠١٧), هەروەها مژاری بابەتەکە نابێت لەبەردەم دادگادا بێت (پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان, م.٥٩/ سێیەم,٢٠٢٠), لەسەر بابەتە گشتییەکان پەرلەمان دەتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ نموونە: کاتێک قوتابییان بۆ داواکردنی مافەکانیان خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن, کە ڕەنگە لە ئەنجامدا پشێوی دروستببێت و حاڵەتی نەخوازراوی وەک: سووتاندنی ئۆتۆمبێل و بریندارکردن و تەنانەت کوشتنیش ڕووبدات, لەم حاڵەتدا پەرلەمان دەتوانێت لە ڕێگای لێژنە تایبەتییەکانی بەدواداچوون بکات و

پرسـياريش بكـات, بـەڵام ئەگـەر لـە شـوێنێكى ديـاريكراو و لەســەر كەيسـێكى ديـاريكراوى قوتابييـەك, داوايـەك خرايـە بـەردەم دادگـا كـە پەيوەنـدى بـە بابەتـەكانى سـووتاندن يـاخود برينـداركردن و كوشـتن هـەبوو ئـەوا پەرلەمـان ناتوانێت بەدواداچوون و پرسـيار لـە بابـەتێكى لـەم چەشـنە بكـات, هـەروەها لەسـەر بابەتـەكانى كوشـتنى ئافرەتـان, پەرلەمـان دەتوانێـت پرسـيار لـە وەزارەتـى پەيوەنديـدار بكـات, وەك, وەزارەتى ناوخۆ, مافى مرۆڤ... هتد سەبارەت بە بارودۆخى ئافرەتان و هۆكارى كوشتنيان, بەڵام كاتێك دۆسـيەكە چووە بـەردەم دادگـا بۆ زانينى ڕاستى و دروستيى كوشتنى ئافرەتـان ئـەوا پەرلەمـان ناتوانێت بــەدواداچوون و پرســيار بكــات لەســەر كەيســەكە, چونكــە دەبێتــە دەستوەردان لە كاروبارى دەسـەڵاتى دادوەرى و پرينسـيپ و ڕێسـاى لێكجياكردنەوەى دەسەڵاتەكان پێشێلدەكات.

لە كۆتاييى ئەم تەوەرەيەشدا, توێژەر سەرنجدەدات لەسەر ئەوەى ئەگەر هاتوو يەكێك لە مەرجەكان بەدەربوو لەو مەرجانەى لە پەيڕەو و دەستووردا ئاماژەى پێنەكرابوو، ئەوا پرسيارەكە ڕەتدەكرێتەوە ياخود ڕادەگيرێت لە لايەن سەرۆكى ئەنجوومەنى نوێنەرانى ميسر, بۆ نموونە: لە ماددەى (٢١٢)ى ياساى ژمارە (١٩)ى ساڵى ٢٠١٦دا هاتووە: ئەگەر هاتوو يەكێك ياخود هەندێك لە مەرجەكانى ميكانيزمى پرسياركردنى لەخۆنەگرت, ئەوا نووسينگەى ئەنجوومەنى نوێنەران دەتوانێت ئەو پرسيارە ڕابگرێ يان هەڵپەسێرێت.

**ئەجامەكانى باسى دووەم:**

١. ئــامرازى پرســياركردن ئــامرازێكى گرنــگ و كــارا و هەســتيارى چاودێريى پەرلەمانە لەسەر حكومەت.

٢. میکـــانیزمی پرســـیارکردن وەک یەکـــەم ئـــامرازی چـــاودێریکردنی دەسـەڵاتـی یاسـادانان بەسـەر کاروبـار و چـالاکیی حکومـەت دێـت لـە سیستەمی پەڕلەمانیدا.

٣. پرســیارکردن پەیوەندییــەکی دوولایەنەیــە لــە نێــوان پرســیارکەر و پرسیارلێکراو.

٤. ئامرازی پرسیارکردن ئەگەر وەڵام لە کاتی خۆی نەدرایەوە یان باوەڕپێهێنەر نەبوو ئەوا بەشێک لە کارایی خۆی لەدەستدەدات, ئامرازی چاودێریکردن لە پرسیارکردنەوە بۆ پرساندن دەگۆڕدرێت, بە پێی پەیرەو و دەستووری وڵاتان.

٥. پرسیارکردن دەبێت بە شێوەی نووسراو هەمیش بە شێوازێکی کورت و پوخت ئاراستە بکرێت بۆ وەزیر یان وەزارەتی پەیوەندیدار, و بە پێی یاسا و پەیڕەوی وڵاتان دەکرێت پرسیار بە شێوەیەکی زارەکیش بێت.

٦. ئـــەو پرســـیارەی کـــە ئاراســـتەی حکومـــەت دەکرێـــت دەبێـــت لـــە چوارچێــوەی تایبــەتکاری یاســـادا بێــت و پەیوەنــدی بــە لایــەنی دادوەرییــەوە نــەبێت و نابێــت پێچەوانــەی بنــەماکانی دەســتوور و ئادابی گشتیی وڵات بێت.

٧. پەڕلەمانی کوردستان میکانیزمی پرسیارکردنی وەک یەکەم ئامرازی چـاودێریکردن دیـاریکردووە لـەو یاسـایانەی کـە چ بـەرکارن یـاخود هێشـتا بـەرکارنین وەک پـڕۆژە دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان-عێـراق کـە کـاتی خـۆی دەنگـی پێویسـتی بەدەسـتهێناوە لـە لایـەن ئەندامانی پەڕلەمانەوە لە ئێستادا لەکارکەوتووە.

٨. لــه پــەيڕەوی نــاوخۆی پەڕلەمــانی کورســتانی ســاڵی ٢٠١٨ و لــە پەیڕەوی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئامرازی چاودێریکردن لە پرسیارکردنەوە بۆ پرساندن ئاماژەپێنەکراوە.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

١. پێویستە لە پەیڕەوی نوێی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان و عێراقی فیدڕاڵدا ئــەوە زیادبکرێت کاتێــک ســەرۆکوەزیران یــان یــەکێک لــە ئەنــدامانی ئەنجــوومەنی وەزیــران وەڵامــی پرســیارەکانی ئەنــدامانی پەڕلەمــان نادەنــەوە یــاخود وەڵامــەکانیان بــاوەڕپێکراو نــین دەبێــت شێوازی میکانیزمی پرسیارکردن بگۆڕن بۆ شێوازی پرساندن, کە ئەمە لە دوایین پەیڕەوی ناوخۆیی ئاماژەپێنەکراوە.
٢. دەبێت لە پەیڕەوی تازەی پەڕلەمانی کوردستاندا ئاماژە بە خشتەی کارەکان بکرێت لە کاتی ئاراستەکردنی پرسیارەکان بۆ حکومەت.
٣. مەرجە میکانیزمی نەرمیی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە نێوان هەر ســێ دەســەڵاتەکان لــە سیســتەمی پەڕلەمــانی بێتەکایــەوە, بەمــەش پەڕلەمــان بــە یــەکێ لــە ئەرکــە ســەرەکییەکەی هەڵدەســتێت، ئــەویش بریتییە لە چاودێریکردن.
٤. پێشنیاز دەکەین کە میکانیزمی پرسیارکردن لە پەیڕەوی داهاتووی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان بکرێتە هەفتانە, واتە لە کۆتاییی هەفتە ئەندامان بتوانن پرسیار ئاراستەی حکومەت بکەن ئەگەر بە شێوەی زارەکــیش بێــت وەک پــەیڕەوی نــاوخۆی ئەنجــوومەنی نوێنــەرانی مەغریب.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


- د. خامۆش عمر عبداالله و د.عدنان عبدالله رشید, بنەماکانی سیستەمە سیاسیەکان, کتێبخانەی یادگار٢٠١٥.

- عەونی بەزاز, پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق و هەموارکردنەکانی, چاپخانەی شەهاب,٢٠١٣.

- گۆران ئازاد, دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ,کۆیە, چاپخانەی هاموون ٢٠١٤.

- هیوا حامد, چوارچێوەی کاری پەرلەمان لەسایەی یاسا بەرکارەکانی و پەیڕەوی ناوخۆدا , هەولێر٢٠١٩.


**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**


- الأستاذ.أدهم عبد القادر الحاج, الرقابة البرلمانية على السياسة المالية للدولة, الإسكندرية, دار الجامعة الجديدة٢٠١٦.

- حنان ريحان المضحكي, السؤال البرلماني كأداة من أدوات الرقابة البرلمانية على أعمال السلطة التنفيذية, الإسكندرية, المكتب الجامعى الحديث ٢٠١٤.

- د. إبراهيم محمد حسنين و د. أكرم الله إبراهيم محمد, حق السؤال البرلماني في النظام الدستورى المصرى والكويتى , الأسكندرية, منشأة مصارف٢٠١٣.

- د. أحمد عبدالطيف ابراهيم السيد, السلطتين التشريعيه والتنفيذيه في النظام البرلماني (الرياض,مكتبة القانون والقتصاد٢٠١٤.

- د. الشيخ صباح بن حمد ال خليفه, الرقابة البرلمانية على أعمال السلطة التنفيذية في النظام الدستورى البحرينى, القاهرة, دار النهضة العربية ٢٠١٢.

- د. جعفر عبد السادة بهير الدراجي, التوازن بين السلطة والحرية في الأنظمة الدستورية ,الأردن, دار الحامد ٢٠٠٨.

- د. زين بدر فراج, السؤال كوسيلة من وسائل الرقابة البرلمانية, القاهرة, دارالنهضة العربية ١٩٩١.

- د. فواد كمال, الأوضاع البرلمانية, القاهرة, دار الكتب المصرية ١٩٢٧.

- د. محمد أنس قاسم, النظم السياسة والقانون الدستورى ,القاهرة, الناشردارالنهضة العربية١٩٩٩.

- د. محمد شهاب, دورالرقابة البرلمانية فى تقويم عمل السلطة التنفيذية, الإسكندرية, دار الكتب والوثائق القومية ٢٠١٨.

- د. محمد كاظم المشهداني, النظم السياسية, القاهرة, الناشر العاتک لصناعة الكتاب٢٠٠٧.

- د. مدحت أحمد يوسف غنايم, وسائل الرقابة البرلمانية على أعمال الحكومة في النظام البرلماني, القاهرة, ط٢, المركز القومي للإصدارات القانونية٢٠١١.

- د. مصطفى كامل, شرح القانون الدستوري و القانون الاساسي العراقي, بغداد , مطبعة السلام ١٩٤٨.

- د. نعمان احمد الخطيب, الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري (عمان, دارالثقافة للنشر والتوزيع ٢٠١٠).
- د. نعمان عطاالله الهيتي, الرقابة على الحكومة, دار رسلان للطباعة والنشروالتوزيع ٢٠٠٧.
- د.سليمان محمد الطماوي, السلطات الثلاث في الدساتير العربية المعاصرة وفى الفكر السياسي الإسلامي, دار الفكر العربى ١٩٩٦.
- د.ماجد راغب الحلو, القانون الدستورى, الإسكندرية, دارالمطبوعات الجامعية ٢٠٠٨.
- د.محمد باهى أبو يونس, الرقابة البرلمانية على أعمال الحكومة في النظامين المصرى والكويتى ,الإسكندرية, دار الجامعة الجديد للنشر٢٠٠٢.
- د.محمد كامل ليل, النظم السياسية الدولة والحكومة, لبنان, دار النهضة العربية١٩٦٩.
- د.يحيي محسن ناصرالمسوري, مدي التوازن بين السلطتين التشريعية والتنفيذية في النظام الدستوري, دار الكتب والدراسات العربية ٢٠١٨.
- فايز محمد أبو شمالة, دور النظام الداخلي في العمل البرلماني, الأردن, دار الخليج للصحافة٢٠١٨.
- فريق الإعداد. د. مصطفى ياغى_دكتورة رلى الفرا الحروب_ القاضي.لؤي عبيدات, المحامي.كمال المشرقي و معاذ العومني, دليل العمل البرلماني في الأردن, عمان, الناشر مؤسسة فريدريش ايبرت٢٠١٧.

- مريم مهدي اليامي, حق السؤال البرلماني, لمعهد البحرين للتنمية السياسية ٢٠١٩.
- وسيم حسام الدين الأحمد, الرقابة البرلمانية على أعمال الإدارة في النظام البرلماني والرئاسي ,لبنان, منشورات الحلبي الحقوقية ٢٠٠٨.

**نامه زانكۆييەكان:**

- حسن مصطفى البحري,"الرقابة المتبادلة بين السلطتين التشريعية والتنفيذية كضمان لنفاذ القاعدة الدستورية",رسالة دكتوراه مقدمة إلى كلية الحقوق جامعة عين شمس,٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- غانس حبيب الرحمان, "رقابة البرلمان على اعمال السلطة التنفيذية"دراسة مقارنة, أطروحة دكتوراه, كلية الحقوق والعلوم السياسية, جامعة يحيى فارس بالمدية, تونس, ٢٠١٧-٢٠١٨.
- ليندة أونيسي, "الرقابة المتبادلة بين السلطتين التشريعية والتنفيذية كضمان لنفاذ القاعدة الدستورية في الجزائر", أطروحة دكتوراه, جامعة الحاج لخضرباتنة,٢٠١٥.
- مداني مصطفى,"الرقابة البرلمانية الاسعلامية في ظل التعديل الدستوري لسنة ٢٠١٦",رسالة ماجستير, كلية الحقوق والعلوم السياسة, جامعة أكلي محند اولحاج- البويرة, ٢٠١٦-٢٠١٧.

**توێژينەوە زانستييەكان:**

- د. أسماعيل ساسا البدري و أمين رحيم حميد, "التنظيم القانوني للسؤال البرلماني في دستور جمهورية العراق لسنة٢٠٠٥" العدد (١) [مجلة الحقوق للعلوم القانونية والسياسة] (٢٠١٧).

- د. أيمن عطاالله أحمد حمودي, "الطبيعة الإجرائية للسؤال البرلماني في النظام الدستوري البحريني والأردني" العدد (٥٢) [مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع] (٢٠٢٠).
- د. رشيد عمارة ياس و م. أيوب محمد طيب, الأداء الرقابي لبرلمان كوردستان- العراق للدورتين الثانية والثالثة, المجلد (الاول) العدد (الثاني) (كانون الاول٢٠١٨).
- د. نقادي حفيظ, "وسائل الرقابة البرلمانية على أعمال السلطة التنفيذية" العدد (١٠) [دفاتر السياسة والقانون] (٢٠١٤).
- د.علي عبد المعطي حمدان, "النظام البرلماني دراسة بعض الدساتير البرلمانية" المجلد (٣) العدد (١٠) [مجلة العلوم السياسية والقانون المركز الديمقراطي العربي] (٢٠١٩).
- هانه مركيش, "ڕێکارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لە چاودێریکردنی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن" ژمارە١٠ [گۆڤاری قصلنامه على تحقيقات حقوقى تطبيقى ايران وبين الملک] (٢٠١١).

**دەستوری وڵاتان:**

- دەستوری سوید ساڵی١٩٧٤.
- دەستوری فەرنسا ساڵی ١٩٥٨.
- دەستوری ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ساڵی١٩٧١.
- دەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥.
- پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩.

- دەستوری جەزائیر ساڵی٢٠٠٨
- دەستوری نەمسا ساڵی ١٩٢٠.
- دەستوری ئەردەن ساڵی٢٠١٦.

**پەیڕەو یاسای ناوخۆی وڵاتان:**

- پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی یاسادانانی میسری ساڵی ١٩١٣.
- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨.
- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی میسر, یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦.
- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق,٢٠١٣.
- یاسای ژمارە (١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق,١٩٩٢
- یاسای ژمارە (١٣)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق,٢٠١٨.
- یاسای ژمارە (١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق,١٩٩٢ی هەموارکراو.
- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی مەغریب,٢٠١٧.
- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی شانیشینی ئەردەن,٢٠١٣.

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان بریتییە چاودێریکردن لە سەر حکومەت و یەکێک لە میکانیزمەکانی چاودێریش ئامرازی پرسیارکردنە کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی٢٠٠٩ تا ٢٠١٣ ئەخەینەڕوو بە پێی ئەم خشتانەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە(١) ژمارەی پرسیارکردن لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(عمارة, طيب,٢٠١٨,١٠٥)**

| پرسیارەکان | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن حکومەتەوە وەڵام دراونەتەوە | ٢٩ | ٨٠ | ٧١ | ٩٣ | ١٠ | ٢٨٣ |
| ئەو پرسیارانەی کە وەڵام نەدراونەتەوە لە لایەن حکومەتەوە | ١٦ | ٤٢ | ٦٢ | ٢٥ | ٨ | ١٥٣ |
| کۆی گشتی | ٤٥ | ١٢٢ | ١٣٣ | ٢١٢ | ١٨ | ٤٣٦ |

هەروەها لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ ئەندامانی پەرلەمان چەندین پرسیاری نووسراو و نەنووسراویان ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردووە, بەڵام ئەوەی جێگای داخە نەمان توانی ئاماری هەموو ساڵەکان بە گشتی وەربگرین لە بەشی کاروباری پەرلەمان, چونکە ئاماریان لانەبوو, ئەمەی خوارەوە ئاماری میکانیزمی پرسیارکردنی هەندێک ساڵە کە لە خشتەی دوو ئاماژەمان پێداوە.

**خشتەی ژمارە(٢) ژمارەی پرسیارکردن لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان(بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەڕلەمانی کوردستان,٢٠٢١).**

| پرسیارەکان | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە ئەو پرسیارانەی کە ئاراستە کراون | 707 | 390 | ئامار نییە | 10 | 29 | 1136 |
| ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن حکومەتەوە وەڵام دراونەتەوە | ئامار نییە | ئامار نییە | 0 | ٣ | ٦ | ٩ |
| ئەو پرسیارانەی کە وەڵام نەدراونەتەوە لە لایەن حکومەتەوە | ئامار نییە | ئامار نییە | ٠ | ٧ | ٢٣ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٧٠٧ | ٣٩٠ | ٠ | ١٠ | ٥٨ | ١١٦٥ |

لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵی پەڕلەمان لە چاودێریکردنی لەسەر کاروباری حکومەت لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستاندا_ خولی بەستنی ساڵی دووەم کە لە بەرواری ٢٠١٤/٩/١ تا ٢٠١٥/٢/٢٨ چەندین پرسیار ئاراستەی ئەندامانی حکومەت کراوە, بۆ نموونە پرسیار ئاراستەی شەش لە وەزیرەکان کراون لەوانیش (وەزیری دارایی و خوێندنی باڵاو پەروەردە و کارەبا و سامانە سروشتیەکان دووجار, بەڵام تەنها وەزیری کارەبا ئامادەبوو لە پەڕلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەندامان ئاراستەیان کردبوو (ئەنستتیۆتی پەی,٢٠١٥,٢٧).

**خشتەی ژمارە(٣) ژمارەی پرسیارکردن لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمانی کوردستان,٢٠٢١)**

| پرسیارەکان | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستە کراوون | 251 | 387 | 638 |
| ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن حکومەتەوە وەلام دراونەتەوە | ١٩١ | ٢٥٦ | ٤٤٧ |
| ئەو پرسیارانەی کە وەلامنەدراونەتەوە لە لایەن حکومەتەوە | ٦٠ | ١٣١ | ١٩١ |
| کۆی گشتی | ٢٥١ | ٣٨٧ | ٦٣٨ |

لەلایەکی ترەوە لە دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پایزە لە ساڵی سێیەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١ بەڕێوەچوو و لەم دانیشتندا سەرۆکی پەرلەمان د. ڕێواس فایق ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی حکومەت کراون لەگەڵ وەڵامەکانی حکومەت کە بۆ پەرلەمانی ناردووە خستیەڕوو, کە ئەو پرسیارانەی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتەکان کراون پێکهاتوون لە (١٣٢٣) پرسیار, کە نزیکەی (١١٩٧) پرسیار لە لایەن حکومەتەوە وەڵامدراوەتەوە و (١٢٦) پرسیاریش هێشتا وەڵامنەدراوەتەوە (فایق,٢٠٢١, دانیشتنی ژمارە -١).

**الملخص**

إن الهدف من كتابة هذه الدراسة هي ابراز دور برلمان كردستان, ومدى فعاليته في دوره الرقابي.

وتكمن في محتواها بيان دور البرلمان كجهة رقابية على الحكومة بصفتها الجهة التنفيذية , ومع ذلك فإن هذه الدراسة تسلط الضوء على تحديد ما يشوب هذه المؤسسة ويقلل من دورها الفعال مع فرض آليات لترصينها.

ومما لاشك فيه أن إحدى آليات الرقابة هي استخدام وسيلة الاستجواب في العمل البرلماني, وتعد هذه الوسيلة من أهم الوسائل الرقابية للسلطة التشريعية على شؤون الحكومة بإزاء سائر اختصاصاتها من استجواب الحكومة, والتحقيق عن أعمالها و سحب الثقة منها.

ثم إن وسيلة الاستجواب تتغير من دولة الى أخرى حسب قانون النظام الداخلي للعمل البرلماني.

وما تخص البرلمان في اقليم كردستان- العراق, فإن نظام الداخلية لهذه المؤسسة – إذا أمعنا النظر الى النظام الداخلي لمؤسسة البرلمان- لاشك أننا نجد أن وسيلة الاستجواب هي إحدى أهم الوسائل المهمة لهذه المؤسسة لأداء عمله الرقابي على الحكومة.

واندرجت هذه الوسيلة في نظامه الداخلي مع أعلى قدر من الرقي والموضوعي مع مقارنته لقانون النظام الداخلي لمؤسسة برلمان بعض الدول التي نظام حكمها برلماني, مثل مصر والعراق وغيرها.

ومع ذلك تطرقت الدراسة إلى فرز إحصائية عدد الاستجوابات التي قدمت من قبل هذه المؤسسة إلى جهاتها المعنية بين اعوام ٢٠٠٩ إلى ٢٠٢٠, وذلك عن طريق مديرية شؤون البرلمان و معهد (بةي) للتربية والتنمية.

وأخيراً فإننا نلاحظ في هذه الدراسة  أن برلمان إقليم كردستان لم يكن على هذا المستوى المعني في شؤونه الرقابي على شؤون الحكومة بشكل ايجابي و فعال.

ويرجع هذا لأسباب عدة : منها عدم استقرار الفضاء السياسي, وعدم وجود كتلة معارضة فعالة حيادية, ولاسيما عدم وجود الدستور في الاقليم هو السبب الرئيس لتفعيل جانب الرقابة الملائمة مع الوضع الراهن .

الكمات المفتاحية: الرقابة, الحكومة, البرلمان,الأسئلة البرلمانية, الآليات, النظام.

**Abstract**

This study aims to show the role of the Kurdistan Parliament in overseeing the government activities, and highlight the shortcomings and making more effective this role.

Parallel to investigation and withdrawal of confidence from the government, questioning is regarded as one of the legislative authority's means to Oversee the government activities.

According to the rules of the procedures of parliaments, questioning is changed from a country to another. Considering the internal system of the Kurdistan Parliament, questioning is recharged as one of the important mechanisms to oversight on the activities of government, which has briefly been introduced through formal and objective conditions in comparison to the laws of the internal system some countries Parliament such as Egypt and Iraq.

In addition, the study deals with the statically sorting of the questioning numbers which have been directed to the concerned Institutions from 2009-2020 by the directorate of Parliament Affairs and Pay Institute for Education and Development.

The study finally concludes that the Kurdistan Region Parliament has not been in desired level regarding its overseeing authority on the government activities, this is due to some reasons including Political atmosphere instability, lack of an effective opposition and lack of a constitution in Kurdistan region.

Keywords: Oversight, Government, Parliament, Questioning, Mechanisms, System.